# بانەیەڵین یاوەرەکان لە خوێنمان هەڵکێشن

**بانگەواز بۆ**

هەموو حیزبە سیاسیەکان

ڕێکخراوە جەماوەری و هونەریەکان

کەمپین و دەزگاکانی ڕاگەیاندن

کەسایەتیە ڕۆشنبیر و پێشکەووتخوازەکانی دانیشتووی وولاتی دانیمارك

هەرکاتێك خەڵکی کوردوستان بیانەوێت ئیرادە بنووێنن و لەسەرچارەنووسی خۆیان قسە بکەن ئەم هەوڵە یەکسەر بە هەرەشەو چاو سوور کردنەوە لە لایەن شۆڤێنیەکان و دوژمنانی خەڵکی کوردوستانەوە وەڵام دەدرێتەوە . غازی یاوەری سەرۆکی سەپێنراوی ئێستای عێراق نەیتوانی زۆر خۆی ڕابگرێ لە بەرانبەر خواستێك کە ڕۆژانە لە دڵی خەڵکی کوردوستاندا قووڵپ دەدات بۆ کۆتای هێنان بە ستەمی میللی و لێکردنەوەی مۆری پلە دووی بە نێوو چەوانیەوە , بۆیە زۆر بە ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت کە ڕێگە بە جیابوونەوە نادەن و شەڕیشی لەگەڵ دەکەن لە کاتێکدا جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ خواستی جەماوەرێکی فراوان و بەرینە بۆ ڕزگار بوون لە دەست میوان و خاوەن ماڵ بوون کەبەدرێژای مێژووی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم خەڵکی کوردوستان میوان بوون و هەموو ماف و داواکاریەکانیان بە ئەنفال و کیمیاباران وەڵام دراوەتەوە , لەم هاوکێشەیەشدا هەمیشە ئەحزابی قەومی کورد هەوڵیان داوە نارەزایەتی خەڵك بەلارێدا بەرن و ئەو ستەمەی لەسەر خەڵکی کوردوستان بووە بۆ ئیمتیاز و بەشی خۆیان لە دەسەڵات بەکاربهێنن , هەرکەس ئەگەر ئێستا سەیرێکی تیرئاسای وەزعی سیاسی عێراق وکوردوستان بکات تێدەگات کە ئایندەی خەڵکی کوردوستان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم یاوەرانەدا بێجگە پلە دووی و دووبارەبونەوەی مەئەساتێك کە هەموومان دیمان هیچی تر نابێت , ئەمانە نەبوون بە هیچ هەرەشەی لە خوێن هەڵکێشانمان لێدەکەن ئەگەر بە حەز و ئارەزووی خۆمان بریار بدەین , ئەگەر ئەمرۆ هەرەشەیان لە خواستی سەربەخۆیە بەدڵنیایەوە هەرکاتێك خەڵکی سەرکوت کراوی کوردوستان باسی یەکسانی ژن و پیاو کۆمەڵگایەکی ئینسانی و مەدەنیش بکەن هەر لە لایەن ئەم شۆڤێنیانەوە هەرەشەی لە خوێن هەڵکێشانمان لێدەکەن , بریار نیە هەمیشە ملمان بۆ چەقۆ و شمشێری ئەمانە ئامادەبێت , بریار نیە هەمیشە ئەبو غرێب و نوگرەسەلمان جێگای ئازیزان و خۆشەوویستەکانمان بێت , بریار نیە هەموو شەڕەکان گیان و ژیانی ئێمە سووتەمەنی بێت , بریار نیە سوود و قازانجی ئەحزابی قەومی لە چیدا بێت ئێمەش ئەوە بکەین , ئەم هەل و مەرجە ئەوە نیشان دەدات ئەگەر خۆمان بریار نەدەین و چارەنووسمان دیاری نەکەین هەرەشەیەك یاوەرەکان و عەلاویەکان لێمان دەکەن بە کردەوە ئەنجامی دەدەن , زۆر چاوەرێمان کرد زۆر ووتیان وولاتە دراوسێکان نایەڵن زۆر ووتیان وەختی نیە بەڵام هەموو ئەمانە یەك زەرە لە کوێرەوەری و خوێناوێك کە هەڵیان ئەکێشاین کەمی نەکردەوە , هەموو بینمان ئەو دوژمنانەی بە دۆست نیشانمان دەدەن چیان بۆ ئێمە پێیە , بێجگە چەوسانەوە و پلە دووی هیچی تر بە ئێمە ڕوا نابینن ئیتر بۆ ئەبێت هەمیشە چاوەڕوانی ئەمانە بین , هێشتنەوەی ئەم وەزعە بەرژەوەندی هەرکەس و حیزب و لایەنێکی تێدا بێت بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانی تێدا نیە بۆیە دەبێت چاوەرێ نەکەین و بریاری خۆمان بدەین بۆ کۆتای هێنان بە پلە دووی و گێرانەوەی زەمینەی سەرکووت و میوان بوون , با لە دەوری کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردوستان و پێك هێنانی دەوڵەتێکی غەیرە مەزهەبی و غەیرەی قەومی کۆببینەوە , من بەم نامەیە بانگەوازی

هەموو ئینسانە شەریف و ئینساندۆستەکان دەکەم بانگەوازی هەموو ئەو ئینسانانە دەکەم کە دەیانەوێت دەخالەت بکەن لە دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کوردوستان من بانگەوازی هەموو کەسانە دەکەم کە لە وولاتی دانیمارك نیشتەجێن لە دەوری یەك کۆبینەوە و هەوڵەکانمان یەك بخەین بۆ بەسەر ئەنجام گەیاندنی ماف و ئاوات و ئارەزوە ئینسانیەکانمان.

بەرەو بەهێزکردنی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردوستان

بەرەو یەك دەستی و هاتنە مەیدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری

بەرەو لە گۆڕنانی سیاسەتی شۆڤێنیەکان

هیدایەت مەلا عەلی

نوێنەری کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردوستان لە دانیمارك

Hidayat_malaali@yahoo.com

Tl.004565977809